حەشدی شەعبی عێراقی هێرشێکی داعشیان لە یەکێک لە خاڵەکان تێکشکاند

ڕۆژی چوارشەممە (2023/8/23)، هێزێک لە فەوجی دووەمی لیوای 88ی هێزەکانی حەشدی شەعبی هێرشێکی داعشیان لە یەکێک لە خاڵەکانی بەشی ئەلموعتەسم لە پارێزگای سەلاحەدین تێکشکاند.

ڕاگەیاندنی حەشدی شەعبی لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند، کە لیواکە ناچاریان کردووە هێزێکی سەر بە داعش بکشێنەوە و یەکێک لە چەکدارەکان لە ڕیزی حەشدی شەعبی بە سووکی بریندار بووە.

لە بەیاننامەکەدا هاتووە، کە لیواکە دوای هێرشەکە ئەپەراسیۆنێکی ئاسایشی ئەنجامداوە و لە ئەنجامدا تەقەمەنیان دەزیوە کە بە سەلامەتی تەقیوەتەوە و زیانی بە کەس نەگەیاندووە.